ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# نیان عەبدوڵڵا: گۆرانیەکانم لەسەر گیرفانی خۆم بەرهەم دێن




**نیان** عەبدوڵڵا لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی **پەیامنێری** راگەیاندووە کە تەواوی کارەکانی لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆی بەرهەم هاتوون و بە درێژایی ١٣ ساڵی رابردوو کەس هاوکاری لەگەڵدا نەکردووە. ئەو رایگەیاندووە کە حەز بە زۆری و بۆری ناکات و پێیوایە کە نابێ پەلە لەبەرهەم هێنانی کاری هونەریدا بکرێ.

نیان عەبدوڵڵا سترانبێژێکی ناسراوی کوردستانە، بەوە دەناسرێ کە زۆر کابانانە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات. ئەمەش بەڵگەیە کە دڵی بەهەموو بەرهەمێک ئاو ناخواتەوەو ئاسوودە نابێ، بەوهۆیەشەوە رەسانەیەتی و راستگۆیی تێدا بەرجەستە بووە.

جێگەی ئاماژەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە نیانی گۆرانیبێژ خەریکی کلیپ کردنی گۆرانی **تیغی رازە**، بەڵام ئەم کلیپ کردنە لەسەر ئەرکی خۆی بەڕێوە نەچوو، بەڵکو کوردستان تیڤی ئەرکی بەرهەم هێنانی ئەو کلیپەی لە ئەستۆ گرتبوو، لە شارۆچکەی دەربەندیخان وێنەی لێهەڵگیرابۆوە، تێکستی گۆرانیەکەش لە هۆنراوەیەکی **نەجم هۆگر**ەوە وەرگیراوە.

خاتوو نیان وەک زۆربەی گۆرانیبێژانی کورد پێیوایە کە تا ئێستا لە باشووری کوردستان دا دەزگایەکی بەرهەم هێنانی گۆرانی و مۆزیک دروست نەبووە کە هاوکاری پێویست لەگەڵ هونەرمەندان دا بکات و بەرهەمەکانیان بۆ بەرهەم بێنی، ئەو دەزگایانەی کە هەن تەنیا وەکو دەزگای بڵاوکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان کار دەکەن، ئەمەش تێنوێتی هونەرمەندان ناشکێنن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دا بەتایبەتیش لە تورکیا، سوریا، لبنان، میسر، تونس و ئێران کۆمپانیای تایبەت هەن لە بەرهەمهێنانی گۆرانی و فیلم دا هاوکاری دەکەن، تەنانەت بەشێک لەو کۆمپانیایانە خۆیان بۆندە لەگەڵ هونەرمەندان مۆردەکەن و پارەیان پێدەدەن، بەڵام لەکوردستان خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەمەش هونەرمەندانی هەراسان کردووە. لەلایەکی دیکەوە ئەو کۆمپانیایانەی کە لە کوردستاندا ناوی کۆمپانیای هونەریان لەخۆیان ناوە گلەی لە جەماوەر دەکەن و پێیانوایە کە هاوکاریان لەگەڵدا ناکەن، هەم تۆمارگەکان بەرهەمەکان کۆپی دەکەن، هەمیش خەڵک ئەو کۆپیانە بەهەرزان دەکرن، یان لەماڵەکانیاندا کۆپیان دەکەن، بەمەش کۆمپانیاکان زیانیان لێدەکەوێ،بەڵام مخابن یاسایێک بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندو کۆمپانیای بەرهەمهێنان بوونی نیە.

## ئەگەر ویستت



**بەرزان جەبار**

ئەگەر ویستت چەند هەنگاوێک
بەجێم بێڵی
یەکەم هەنگاو پێیەک لەسەر روحم
دانێ
گەر هەوڵت دا دڵم لەگەڵ خۆتا ببەیت
ئاگاداربە نەوەک شعرم پێی بزانێ
کاتێ ویستت چاوم بۆ تەنیایی بەریت
ڕێگەی بدە با بۆ دواجار لێت بروانێ
بەکۆچی تۆ هاودەمم تەنیایی و مەرگە
تاکەی جەستەم ئەم هەموو خەمە
بتوانێ؟
زویر مەبە گەر پەپولەی شعرەکانم
هاتن بۆ لات بۆ سۆراخی باخەوانێ
دڵگیر مەبە هەر کاتێ خونچەی ئەم
حەزەم
باوەشی تۆی هەڵبژاردوە وەک گوڵزارێ
ئەگەر لێوم گریا بۆ قوخێک هۆندراوە
باشی بزانە قەرەجێکە و هیچ نازانێ!

## ژووانگە

### ئیجازە

سەرەتا بەئیجازەی کاک رێکار ئەمجارەیان من لە گۆشەی ژووانگەدا دەنووسم و دەمەوێ نەشتەرگەریەکی سەرپێی بۆ ئیجازەکان بکەم.

ئێستا لە نیشتمانەکەی ئێمەدا ئیجازە لەهەموو دیاردەیەکی دیکە بەرچاوترەو کەسیش قسەی لەسەر ناکات.

ئەندامی سەرکردایەتی حزب بەبیانۆی نەخۆشیەوە ئیجازە وەردەگرێ، کەچی دەچێتە دوبەی، چین، ژاپۆن و سەنگافورەو بازرگانی دەکات، کە دێتەوەش پۆل پۆل خەڵکی کۆترخۆر بە پەلە خۆیان لە ماڵەکەی دەکوتن و هەواڵی نەخۆشیەکی دەپرسن و داوای سەلامەتی بۆ دەکەن !

کادرانی حزب ئیجازە وەردەگرن و دەچنە هەندەران و داوای مافی پەنابەری دەکەن، فەرمانبەری دامەزراوەکانی دەوڵەتیش ئیجازە وەردەگرن، رازیش نابن کەس لە پۆستەکەی ئەوان دابنرێن، دەچن لە کۆلێژو زانکۆکاندا دەخوێنن و مووچەش وەردەگرن!

مامۆستای فێرگە بەبیانۆی دووگیانی و منداڵ بوونەوە ئیجازە وەردەگرێ و دەچێ لە کۆمپانیای ئەهلی و بیانی دادەمەزرێ و کار دەکات و ماندووش نابێ!

یاریدەدەری پزیشک بە بیانۆی خۆ ئامادەکردن بۆ حەج و زیارەتی ماڵی خودا لە نەخۆشخانە ئیجازە وەردەگرێ و دەچێ لە گەڕەکەیدا عیادە دەکاتەوە و تا درەنگی شەویش خەڵکی تیمار دەکات، حەب و دەرمانی ئێکساپەریش بە نەخۆش دەفرۆشێ، بە دزیشەوە حەبی ڤیاگرا بۆ بەرپرسە پلە نزمەکان رەوانەی ماڵەوە دەکات!

نووسەرو رۆژنامەنووسی دامەزراوی رەسمی بەبیانۆی خوێندنەوەی زیاترو ئامادەکردنی ریپۆرتاژی زانستی و ئاکادیمی ئیجازە وەردەگرێ، کەچی بەناوی خوازراوەوە بۆ رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی دیکە بابەت دەنووسێ و موکافەئە وەردەگرێ!

وەزیر بەرلەوەی ئیجازە وەربگرێ، ماوەیەکی درێژ سەردانی وەزارەتخانەکەی ناکات، دواتر ئیجازە وەردەگرێ یا ئیجازە بە خۆی دەدات، دەچێتەوە ئەوروپاو ماوەیەکی زۆر لەلای خێزانەکەی یان لەلای خۆشەویستە راگیراوەکەی دەمێنێتەوە!

ئەندام پەرلەمان لە ئیجازەی بێ پاساودا ماوەیەکی دوورو درێژ ون دەبێ، ئەوجار یان خانووی تازە دروست دەکات یان لە گوندەکەیدا رەزو باخەکانی خۆی نۆژەن دەکاتەوە!

سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمیش ئیجازە بە خۆیان دەدەن و ماوەیەک لەبەرچاوان بزر دەبن، ئەگەر پرسیاریش بکەیت ئەوە بە دوژمنی ئەزموونی کوردستان تۆمەتبارت دەکەنم فەریکە دەروێشی ئەوتۆش هەن ئەگەر بکەویتە دەستیان دارکوژت دەکەن!!

ئیجازەی نیشتمانی من لە ئاوی گەلی عەلی بەگ دەچێ، کە بەردەبێتەوە هەزار پرووشکی لێدەبێتەوە، ئیجازەی حکومەتیش لە هەناری گەیشتوو دەچێ، لەخۆیەوە شەق دەبات و دەنکەکانی بەگۆڕێ وەردەبن.

ئیجازەی نیشتمانی من بە یەک جار و بە یەک رۆژو بە یەک مانگ تەواو نابێ، وەکو ئاوێنە وایە هەر لەبەرامبەر هەتاو رابگیرێ تیشک دەداتەوە، هەمیشە دووبارەو دەبارە دەبێتەوە، شوێن و مەبەستی خۆی دەگۆڕێ، ئەم شارو ئەو شار، ئەم وڵات و ئەو وڵات دەگەڕێ، بەڵام هەرگیز دەست لە مووچەکەی هەڵناگرێ.

من ئەم ئیجازەیەم بەبێ مووچە وەرگرت، بۆیە بەڵێنتان پێدەدەم دووبارەی نەکەمەوە.

ماڵئاوا! ببوورن ئەگەر بە ئیجازە سەری ئێوەشم ئێشاندبێ و هەندێکیشم لە خۆم توورە کردبن!

**کاروان سەربەنی**
K_serbeni@hotmail.com

# خەونی شوان پەروەر لە ئامەد دێتە دێ

سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەندان بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە هونەرمەندی ناسراوی گەلەمان **شڤان پەروەر** لەبەرنامەی دانیە لەم نزیکانە سەردانی باشووری کوردستان بکات، چونکە بڕیاروایە رۆژی یەکی ئایار بچێتە شاری ئامەدو بەبۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهانەوە ئاهەنگێک پێکبهێنێ.

شوان پەروەر ماوەی چەندین ساڵە باکوری کوردستانی جێهێشتووەو لە ئەوروپا دەژی، بەڵام بە گۆرانیەکانی لەنێو خەڵکی باکوردا ژیاوە، خۆیشی بەردەوام حەسرەتی هەڵکێشاوەو هیوای خواستووە کە رۆژێک بتوانێ بچێتەوە شارەکانی باکوری کوردستان و پڕ بە دەنگی خۆی بچریکێنێ، ئەوا هیواکانی دێنە دێ و لە رۆژی یەکی ئایاردا میوانداری لێدەکەن.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکە جەختی کردەوە کە هونەرمەند دەچێتە باکوری کوردستان و لەشاری ئامەد کۆنسێرتێک ساز دەکات، هەروەها دەچێتە هەندێ شاری تورکیاو بۆ تورکەکان بە کوردی گۆرانی دەچڕێ، ئامانجیشی ئەوەیە کە بە تورکەکان بڵێ کوردو تورک دوژمنی یەکتر نین و باشتروایە لە رێگەی مۆزیکەوە پردێک بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن.

ئەگەرچی جاران شوان پەروەر لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە یاخی و راکردو دەناسراو هەوڵی دەستگیر کردنی دەدرا، بەڵام ئەمجارەیان وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ئاهەنگێران بانگهێشتی کردووە، ئەویش بە نیازە لەگەڵ ژمارەیەک رۆژنامەوان و هونەرمەندو ژەنیاری کوردو بیانی بە فرۆکەیەکی تایبەت لە ئەڵمانیاوە بەرەو ئامەد بفڕێ و لەوێش خەونەکانی خۆی کە دیداری شارەکەیە بکاتە راستی و بۆ جەماوەرەکەی گۆرانی بسترێ.

بەگوێرەی رۆژنامەیەکی تورکی کە دیداری لەگەڵ شوان پەروەردا کردووە، پێشتریش وەزارەتی رۆشنبیری تورکیا بانگهێشتی ئەوی کردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی پێوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان باش نیە، لەوە ترساوە نەوەک لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە گرفتی بۆ دروست بکەن و بەرپرسانی شارەکەش وەکو پێویست پێشوازی لێنەکەن و رێزی نەگرن! بۆیە جارەکانی دیکە بانگێشتنەکەی رەت کردبۆوە، بەڵام ئەمجارەیان گەشبینە کە بە شێوازێک پێشوازی لێدەکرێ کە شیاوی خۆی بێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان شڤان پەروەر بەو گەشتەی زۆر دڵخۆشەو بە وەدیهاتنی خەونەکانی خۆی بەراوردی دەکات، هەربۆیەش بڕیاری داوە بە شێوازێکی زۆر پێشکەوتو کۆنسێرتەکەی بەڕێوەببات.

# چین: دۆڵی دایناسورەکان دەکرێتەوە



بڕیاروایە لە هەژدەی ئەم مانگەدا دۆڵی دایناسورەکانی جیهان لە هەرێمی یۆننانی وڵاتی **چین** دا کە وەک پێشانگەی دایناسورەکانی جیهانە و لەسەر رووبەری چوار کیلۆمەتر چوارگۆشە دروست کراوە بەرووی رێبواراندا بکرێتەوە.

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی **شینخوا** شەست هەڵکۆڵینی ئێسکە پەیکەری دایناسور لەم دۆڵەدا دانراون کە بە قەرەماتی جیهان دەناسرێ. ئەم دۆڵەی دایناسورە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم گەشتوگوزاریەو تایبەتە بە زانیاری شوێنەواری دایناسورەکان، بەشی دووەمیش بۆ جیهانی گۆراسی. بەگوێری شینخوا هەر لە ئێستاوە ناوەندی دۆڵی دایناسور بە رووی رێبواران دا کراوەتەوە کە رووبەرەکەی تەنیا یەک کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، بەڵام لە هەژدەی ئەم مانگەدا بە فەرمی دۆڵی دایناسوری جیهان کە چوار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە دەکرێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە جاران وەکو ئەفسانە باسی داینسور دەکرا، بەڵام بەگوێرەی لێکۆڵینەوە زانستیەکان و دۆزینەوەی ئێسک و پروسکی ئەم ئاژەڵە، دایناسور بە جەستە گەورەترین بوونەوەری سەر گۆی زەوی بووە کە ملیۆنان ساڵ بەر لە ئێستا ژیاون، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری کەش و هەواو بەستەڵکی گۆی زەوی ئیدی خواردنیان دەست نەکەوتووەو هەموویان تیاچونە. تا ئێستاش شوێن پێی ئەم ئاژەڵە لەسەر بەردەکانەوە دیارە، هەروەها هێلکەی بە بەردبووشی دۆزراوەتەوە، ئەمەش نیشانەی سەنگینی و گەورەیی جەستەی دەگەیەنێ.

# ڤێستڤاڵی فیلمی کوردی لە بەرلین بەڕێوەدەچێ

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە بەدەست هەفتەنامەی رۆژی گەل کەوتوون، بڕیاروایە ئەمساڵیش ڤێستڤاڵی فیلمی کوردی لە شاری بەرلین بەڕێوەبچێ، لە رۆژانی ٢٥ی ئایار تا ١ی حوزەیران لە ژمارەیەک سینەمادا فیلمی کوردی پێشان دەدرێن.

دەرهێنەرانی سینەمایی ناوخۆی کوردستان و دەرەوەش بەنیازن کە بەرهەمەکانیان خۆیان ببەن و لەم ڤیستڤاڵە پێشانی بینەرانی بدەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەریەکە لە بەهمەنی قوبادی، هونەر سەلیم، هیشام زەمان و یوکسەل یاڤوز بەشدار دەبن، فیلمەکانی خۆیان دەبەن. لەوانەیە بەهمەن فیلمی 'نیوەی مانگ'، هونەر فیلمی 'دۆل'، هیشام فیلمی 'وڵاتی زستان' و یوکسەلیش فیلمی' کوردستان دابخە' پێشان بدەن.

# کلیکی کەعبە لە لەندەن دەفرۆشرێ!



کلیلێکی ئاسنینی دێرین کە گوایە هی کەعبەی رووگەی موسڵمانانە لە هەراجێکی ئاشکرادا بە ١٨ ملیۆن دۆلار فرۆشرا.

خانەی هەراجی سادبی بەریتانی لەلەندەن کلیلێکی دێرینی خستە مەزادەو بە ٢١.٥ بلیۆن پاوەند فرۆشرا.

ئەم کلیلە ئاسنینە ساڵی ١١٧٧ی زاینی دروست کراوەو بۆ سەردەمی خەلافەتی عەباسیەکان دەگەڕێتەوە، سی و حەفت سانتیمەتر درێژە، بە عەرەبی لەسەری هەڵکۆڵدراوە **' هذا ما تم عمله لبيت الله الحرام خلال حكم الامام ابن الامام المقتدى ابو جعفر المستنصر ابوالعباس عام ٥٧٣'**

هەرچەندە کە ناوی کڕیاری ئەم کلیلە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەم کڕینە ریکۆردی شوێنەواری ئیسلامی شکاندو دەتوانێ لە داهاتوودا ناوبانگی گەورە پەیدا بکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان، جگە لەم کلیلە هێشتا پەنجاو هەشت کلیلی دیکەی کەعبە لە جیاندا ماون، پەنجاو چوار لەوان لە کۆشکی تۆپ قاپی شاری ئیستەنبوڵ دا پارێزراون، دووانی تر لە دامەزراوەی ئەلسەعید و دانەیەک لە مۆزەخانەی پاریس و دانەیەکی تر لە مۆزەخانەی هونەری ئیسلامی لە قاهیرە.

ئەم کلیلەی کە لەم هەراجەدا فرۆشرا تەنیا کلیلێکە کە لەمۆزە بەشێوەیەکی تایبەت پارێزراو بوو، هەربۆیەش توانرا هەراج بکرێ و بفرۆشرێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com